# مێژووی بێ دۆکۆمێنتی قارەمانەکان

## لەیادی لەیلا قاسم وهاوڕێکانی دا

عومەر محەمەد

١٢ی ئایار ٢٠١٧ – سلێمانی




**خوێنەری بەڕێز :** ئەم نوسینەی بەردەستت باس لەهەڵوێست وئازایەتی ژنێک دەکات لە رۆژگارێکی سەخت و جیاوازدا، گیانبازی کردووە، رۆژگارێک کەژن تیایدا یەکسان بوو، بە مەخلوقێکی شەرمن و کابانی ماڵ، بەڵام ئەو کارەکتەرە تەواوجیاوازبوو، جیاوازییەک کەهەتا ئەو سەردەمە عێراق بەخۆیەوە نەدیبوو، تەنانەت پەتی سێدارەکانی عێراق بەخۆیانەوە نەدیبوو، وەک چۆن چەتەکانی داعش لەژێر لولەی تفەنگی کیژەئازاکانی کورد غرورییان شکا، ئەو سەردەمەش جەلادەکانی بەعس لەبەردەم ئازایەتی ژنێکی کورددا لوتیان شکا، ئەوسا لەیلاقاسم تەنیا ژن بوو، دەبێت لێرەدا پۆزشێکیش بهێنمەوە، چونکە نامەوێ هیچ کات جیاوازی رەگەزی بەگفتارو کردارمەوە دیار بێت، بۆیە خۆم بەقەرزداری هاوڕێیانی (تێکۆشان ومەرگی) لەیلاقاسم دەزانم چونکە زانیارییەکی ئەوتۆم دەربارەیان چنگ نەکەوت، ئەگەرچی کەمتەرخەمیم نەنواند بەڵام چەندی کۆشام هەرهێندەم پێکرا کە لێرەدا دەیخەمە بەردیدەتان، بەهیوام لەداهاتوودا ئەم نوسینە سەربکێشێت بۆ کتێبێک و زانیاری پێویستم لەبارەی هەریەک لەم قارەمانانە چنگ بکەوێت .

ماوەتەوە بڵێم سودم لەهەموو ئەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە لەبارەی لەیلای مرۆڤ ولەیلای تێکۆشەر نوسراون ولەخوارەوە ئاماژەم پێکردوون، بەڵام هەندێک زانیاری نوێشم دستووەتە سەر کەپێشتر باس نەکراون یان بەپێویست نەزانراون باس بکرێن . بەداخەوە چەندی کۆشام پەیوەندی بە(سەبیحەخان)ی خوشکیەوە بکەم بەڵام تەلەفۆنەکە بەردەست نەبوو.

خۆناشێت سوپاسی مامۆستا ئاوات نامیق ئاغاش لەبیر بکەم کە بەپرسیارێک دەربارەی مەرگ وژیانی ئەم ژنە قارەمانە ڕاپچڵەکاندم و بە پیشاندانی فیلمێکی سینەمایی وای لێکردم کە بێ هەست دانەنیشم و لەبری زۆر کەس تەریق ببمەوە، ئیدی ئەو کەسانە هەرچی وهەرکێ بن لە سیاسی ودەوڵەمەندو سینەماکارو زۆرشتی تری کورد .

**لەیلا قاسم و سۆفی شۆڵ**

لە یەکێک لەوانەکانیدا مامۆستا ئاوات نامیق ئاغا کەلە کۆلیژی هونەر- بەشی فیلسازی وانە بێژی ڕێنوێنی (Direct)مانە، وانەی ئەوڕۆژەمان سـەبارەت بە( فیچەرودۆکیومێنتەری) بوو، بەڵام مامۆسـتا نیوەی وانەکەی تەرخان کرد، بۆبینینی فلمێکی ئەڵمانی بەناوی (Sophie Scholl)[1](سـۆفی شـۆڵ) بەرلەوی فیلمەکەمان پیشان بدات مامۆستا، کورتەیەکی لەبارەوە باسکرد: (من زۆر مەبەستمە ئەم فیلمە دەربارەی سـۆفی شـۆڵ ببینن، چونکە چیرۆکی پاڵەوانەکەی هاوشـێوەی چیرۆکی کارەکتەرێکی مێژوویی ئێمەیە) پرسـی ئایا دەزانن ئەو پاڵەوانە کێیە ؟ کە ١٢ی ئەم مانگە یادی ٤٣ سـاڵەی شـەهید بونێتی ؟ بەداخەوە، هیچ کاممان دەستمان بەرز نەکردەوە. ! هەڵبەت من لەپێش هەمووانەوە سەرزەنشتی خۆم دەکەم، چونکە سەربارى ئەوەی بەشێکی گرنگی ژیانم بۆ دۆکۆمێنتکردنی ڕوداوەکانی ئەنفال و تاوانەکانی بەعس لە دژی میللەتەکەم تەرخان کردووە، کەچی عەجایەب ! ئەم ژنە پاڵەوانە لەکن منیش جێگەیەکی داگیر نەکردووە ! دڵنیام مامۆسـتاکەمان نیگەران بوو، ناهەقی نەبوو کە بەدڵشـکاوییەوە گوتی: ( کارەکتەری ئەم فلیمە هاوشێوەی (لەیلا قاسم)ە هەردەڵێی ئەوە تەنانەت زۆرشتیان لەیەک دەچێت هەردوکیان خوێندکاری زانکۆ بوون، هەردوکیان هاوتەمەن بوون، ئەوەتا لە پێگەی خۆی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسـبوکیش نوسـیوێتی : ((شـەهید لەیلا یەکەم ئافرەتی بێوێنە بوو لە مێژووی خەباتی هەموو کورد و عێراقی خوێناویشـدا لە سێدارە بدرێ بەڵام بە دڵنیایی ئەڵێم ئەوهاوشانی (سۆفی شۆڵ)ی کیژە خەباتکاری (٢٢ ساڵەی) دانسقەی ئەڵمانە کە لەگەڵ (هانز)ی برای وهاوڕێکانی لەسـەربەرەنگاربونەوەی هیتلەر ونازیزم لە میونخ ( ٢٢ی فێبریوەری ١٩٤٣) سەریان لە لەشیان جودا کردنەوە!" بەداخەوە، هەتا ئێستا هیچ فلمێک لەسەر لەیلاقاسمی خۆمان دروسـت نەکراوە، بەڵام ئەم کچە ئازا ئەڵمانیە زیاتر لە چوارفیلمی لەبارەوە دروسـتکراوە.))[2] ئەگەرچی مامۆسـتا ئاوات هیواکەی نەهاتەدی و لەنیوکاتژمێری کۆتاییدا کۆپیتەری تاین، وەسـتاو هەرچەندی تێکۆشان وەک دوعای ڕەشی لێکرابێت، گوتی بمکوژن و بمبڕن کار ناکەم. بەڵام هەر ئەوشەوە لە گەڕانێکی گۆگڵدا فیلمەکەم دۆزییەوەو سەرلەنوێ هەتا کۆتایی بەدیارییەوە دانیشتمەوە. لەگەڵ کچە ئازا ئەڵمانیەکەو کورە ئازاکانی ناو ئەو فیلمەدا لەیلا قاسـم و هاوڕێکانی ( جەواد هەمەوەندی و نەریمان فواد مەسـتی، حەسـەن حەمە ڕەشـید، ئازاد سـلێمان میران)م دەبینی کە چەندە ئازایانە بەگژ جەلادەکاندا دەچوونەوە . کە ٢٨ی نیسـانی سـاڵی ١٩٧٤ لەگەڵ تێکچونی ئاگر بەسـتی نێوان بەعسـیەکان وپارتی دیموکراتی کوردسـتاندا، ئەوانیش دەسـتگیرکران و لە ١٢ی ئایاری هەمان سـاڵدا لە سـێدارە دران و میدیاکانی ئەوسـای بەعس ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان وایان بڵاوکردبووەوە، کە ئەمانە تاوانبارو گێرەشێوێن‌و تیرۆریست بوون و بۆمبیان لەناو هۆڵی سینەمادا چاندووەو بەنیاز بوون، سینەمای سەمیر ئەمیس بتەقێننەوە.بەڵام ئەو قسانە سەرلەبەریان بوختان بوون بەدەم لەیلاو هاوڕێکانیەوە کران، حکومەتی بەعسیەکانیش وەک هەر هێزێکی تاوانکار، دەبێت درۆیەکی هەبێت بۆ ڕەوایەتی دان بەتاوانەکانی .

**خانەوادەی قاسم حەسەن**

---

[1] لەم لینکەدا دەتوانی بینەری فیلمەکەی سۆفی شۆڵ بیت : https://www.youtube.com/watch?v=baRvF6ZBK18

[2] ئەوەی ناوکەوانەکە قسەی مامۆستا ئاوات نامیقە کە لەمیانەی وانەیەکماندا باسی کردو لە پێگەی خۆشیدا لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک لە یادی ٤٣ ساڵەی شەهید بوونی لەیلاقاسم و هاوڕێکانیدا ڕۆژی ٢٠١٧/٥/١٢ بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردی بڵاوی کردووەتەوە.

قاسم حەسەن کوردێکی گوندنشینی نزیک شاری خانەقی و کرێکاری پالاوگەی نەوتی ئەلوەن بووە لە شاری خانەقی، گوندی (بانمیل) دەکەوێتە نزیک مەیدانی یاری شاری خانەقی و ئێستا کەوتووەتە ناو سنوری شارەوانی لە رۆژئاوای ئاوی ئەلوەن و نزیک بە شوێنی کارەکەی کە کۆمپانیای پالاوتنی نەوتی ئەلوەنە، خانەوادەی لەیلا قاسم سەربە عەشیرەتی زرگۆش و تیرەی ئەرکوازین، ئارکەوازی هەم ناوی ناوچەکەیانەو هەم ناوی تیرەکەیان، بنەچەی ئەم ناوە لە بیرێکی ئیرتیوازیەوە هاتووە کە لەناوچەکەیاندا بووەو بە شێوەزاری خانەقی پێی دەڵێن (ئەرکوازی). ئەرکوازی و زرگۆشەکانیش کوردی موسڵمانن، بەڵام لەبەرئەوەی شیعە مەزهەبن، هەمیشە دەوڵەت دوجار بەچاوی نەیار تەماشای کردوون، جارێک وەک کوردو جارێک وەک شیعە.لەبەڵگەنامەیەکدا کە نوسراوی ژمارە ١٨٠ی رۆژی٣ی شوباتی ساڵی ١٩٨٠ بەسەرەوەیەو ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەناو شۆرش بەواژۆی سەدام حوسێنی سەرۆک کۆمار ئاراستەی وەزیری ناوخۆی کردەووەو بڵاوکراوەتەوە داوا دەکات بەومەرجانەی لە دەستوری کاتی عێراقدا هاتوون رەگەزنامەی عێراقی بدەنە ئەوکەسە پێگەیشتوو(بالغ)انەی بێگانەن ئەوەی مایەی هەڵوەستەیە لە یەکێک لەبرگەکانیدا چەند عەشیرەتێک وەک بێگانە دەستنیشانکراون، لەناویاند عەشیرەتی زرگۆش و ئەرکوازی هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک عەشیرەتی تری کورددا کە لە برگەی دووی نوسراوەکەدا ناویان بە بێگانە هاتووە وداوا لەوەزیری ناوخۆ دەکات کە ئەو خێڵە بیانیانە بەمەرج رەگەزنامەی عێراقیان پێبدەن یان یان دەبێت عێراق بەجێ بهێڵن . (3)

ساڵی ١٩٧١ باوکی لەیلا خانە نشین کراوەو دوای ئەوە شارەکەیان بەجێهێشتووەوکۆچیان کردووە بۆ شاری بەغدا،بەڵام هێشتا هۆی کۆچکردنیان بۆ شاری بەغدا ڕوون نیە ئاخۆ پاڵنەری سیاسی وراگواستن بووە یاخود کۆچی ئارەزوومەندانەی خۆیان بووە بەمەبەستی خوێندن وکارکردن وپەیداکردنی بژێوی. قاسم بەلەیلاوە باوکی دوو کچ ودوو کوڕ بووە، بەناوەکانی (لەیلا، سەبیحە، سەلام، سەفا) هەموویان خوێندەوار بوون و هاوکات سەرباری خوێندن بۆ بژێوی ژیانیان سەرقاڵی کارکردنیش بوون.

ئەوەش نادیارە کە چ ساڵێک قاسم حەسەنی باوکیان هاوسەرگیری لەگەڵ عصمت محەمەدی دایکیان کردووەو ماڵیان پێکەوەناوە، بەڵام ئەگەر ساڵی ١٩٧١ بەهۆی تەمەن وخزمەتەوە خانە نشینکرابێ دیارە تەمەنێکی زۆریان پێکەوە بەسەربردووە. ئەفسوس دوای شەهیدکردنی (لەیلاو سەلام) ئەوانیش کۆچی دواییان کردووە.

**کەسایەتی لەیلاقاسم**

کەسێتی و ناسنامەی (لەیلا قاسم) شەهیدبوونەکەیەتی کەوا دەریدەخات کچە کوردێکی خوێندەوارو چاونەترسی سەردەمێک بووە کە ژن تیایدا، کارەکتەری ناوخەبات و بەرەنگار بوونەوە نەبووە، زۆرن ئەو کەسانەی لەبارەی لەیلا قاسمەوە نوسیویانە بەڵام بەداخەوە هەموو نوسینەکان لەبازنەیەکی بەرتەسکدا

[3] تێبینی وشەی بیانی بکەن کەچۆن نکۆڵی لەبونی کورد دەکەن لە برگەی یەکەم و دووهەمیدا نوسراوەکەدا هاتووە :
بە پشت بەستن بە حوکمەکانی بڕگەی (6) لە ماددەی چل و دوو لە دەستووری کاتی عێراق .
ئەنجومەنی شۆڕش لە دانیشتنی ڕۆژی 1980/2/3 ئەم بڕیارانەی دا-:
1- ئەبێت وەزیری ناوخۆ بەم مەرجانە ڕەگەزنامە بە کەسانی بیانی پێگەیشتوو(بالغ) بدات:
2- وەزیری ناوخۆ پێویستە ڕەگەزنامەی عێراقی بەم مەرجانە بداتە خێڵەکانی (سورەمێری، کەرکوش، زەڕگۆش، مەلیک شاهی، قەرەلوس، فەیلی و ئەرکوازی) **لەبەرگرنگی بریارەکەو خاڵەمەترسیدارەکانی لەپاشکۆی بەڵگەکانی ئەم نوسینەدا هەموو خاڵەکانی ناو بریارەکە بخوێنەرەوە .**

دەخولێنەوە، فوئادی زیندانی لەبارەی ئازایەتی لەیلاوە نوسیویتی : ( لە وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری بەعســـدا بێ باکانە ڕایگەیاندبوو - بە کوشـــتنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانی وشیاردەبنەوە زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم کە گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستان دەکەم) **بروانە فوئادی زیندانی – ٢٠١٤/٥/١٢** . بەڵام گواستنەوەی ئەم قسانەی لەیلا بەبێ بەڵگەو شایەتحاڵ زیاتر دەچنە خانەی خەیاڵێکی ســـۆزدارانەوە کە بۆ تێکۆشـــەرێک چنرابن، خۆزگە کاک فوئادی زیندانی بناوانی ئەو قســـەیەی دەدۆزییەوە، لەبەرئەوەی سەلماندنیان زۆرگرنگە. هەرچەندە من زۆر هەوڵمدا پەیوەندی بە سەبیحە خانی خوشکیەوە بەکەم، بەڵام بەداخەوە بەدرێژایی ڕۆژەکە ژمارەکە داخراووبەردەست نەبوو.

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لە بارەیانەوە نوسیوە کۆکن لەسەر ئەوەی لەیلاقاسم لە ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی بامیلی ســـەربە شـــاری خانەقین لە خێزانێکی هەژاردا چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، بەڵام هەندێک کەســـی خانەقی کە من ناسیاویم لەگەڵیاندا هەیە، دەڵێن ساڵی ١٩٥٠ لەدایک بووە.

ســـاڵی ١٩٥٨ چووەتە قوتابخانەو قۆناغەکانی ســـەرەتایی وناوەندی هەرلەشـــاری خانەقی تەواوکردووە، دواقۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی لەیلا قاســـم لە ســـانەوی کچانی خانەقی بووە کە دەکەوێتە نزیک قایمقامیەت و تەنیشت نەخۆشخانەی گشتی. لە ساڵی ١٩٧١ لە کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، ئەو کاتەی لە سێدارە درا تەمەنی ٢٢ ساڵ بووەو دواهەمین قۆناغی خوێندنی بوو.

پێدەچێت یەکەمین کاریگەری لەســـەر هەڵوێســـت ودنیا بینی لەیلا (ســـەلام قاســـمی) براگەورەی بووبێت کە لەســـەرەتای ســـاڵی ١٩٧٠ەوە لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان تێکۆشـــاوە. چونکە ئەم جۆرە پەیوەندییە خێزانی وکۆمەڵایەتیانە هەمیشـــە ڕۆڵی کاریگەریان بووەوگفتاروکرداری تێکۆشـــەرانیش کاریگەریان هەبووەو لەدەوروبەریاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەداخەوە دوای شـــەهیدکردنی لەیلاقاســـم و هاوڕێکانی ســـەلام قاســـمی براشـــی "بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی وێنەی (لەیلا قاســـم)ی خوشـــکییەوە لەلایەن بەعسیەکانەوە شەهیدکرا" بڕوانە کەناڵی (N.R.T ) –٢٠١٦/٥/١٢ .

## دۆکیۆمێنت و لاوازی یادەوەری کورد.

یەکێک لەو گرفتانەی دەربارەی چیرۆکی شـــەهیدبوون وبەرەنگاری لەیلاقاســـم و هاوڕێکانی هەیە، دیســـــانەوە پەتا کوشـــــندەکەی کوردە ئەویش (کەمی دۆکیومێنت)ە، بەداخەوە لەکۆی هەموو ئەو باس و ڕاپۆرت ونوسینانەی دەربارەی لەیلا قاسم نوسراون لەهیچکامیاندا، چیرۆکی خانەوادەکەیان بەدی ناکرێت لە هیچ کامیاندا ناوی دایکی نەنوســـــراوە، کە مافی خۆیەتی وەک دایکێک ســـــەروەری شـــــەهیدبوونی بەربکەوێت، بەڵام من لە بەڵگەنامەی مردنەکەی لەیلای تێکۆشـــــەردا ناوی (عصـــــمت محمد)ی دایکیم دۆزییەوەو لەم نوسینەدا یاداشتم کرد.

تەنانەت نازانین ناوی باوک و باپیری جەواد هەمەوەندی هاوڕێ و دەســـــتگیرانداری لەیلا چییە؟! باوکی ودایکی خەڵکی چ دەڤەرێکن و لە کوێ ژیاون ؟ ئایا لە چەمچەماڵ بوون کە زۆربەی هەمەوەندییەکانی لێ نیشتەجێن ؟ یان لە دەڤەری خانەقی ؟ دیسانەوە هاوڕێ شەهیدەکانی بەتەواوی فەرامۆشکراون و هیچیان لە بارەوە نەنوســـراوە ! ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بێبایەخ تەماشـــاکردنی مرۆڤ و لاوازی یادەوەری و بایەخ نەدان بە نوسینەوەی مێژووی خۆمان کە ئەفسوس هێشتا ئێمە بەهای دۆکیۆمێنت نازانین. دەبێت ئەوەش بڵێین چ لەیلا قاســـم و چ هاوڕێ شـــەهیدەکانی بوونە قوربانی ململانێی حزبی و ئەوبەرێوەبەرێتیە خۆجێیە خێڵەکییەی باشـــوری کوردســـتان و گەندەڵی و تۆرانی خەڵک لە حزبەکان و بێ بایەخ کردنی هەموو بەها

ســیاســی وکۆمەڵایەتیەکان لەســۆنگەیەوە. دەنا ئەگەر لەیلا قاســم کچی هەر بنەماڵەیەکی دەســەڵاتدارو هاوکات پارەداربوایە هەرگیز وەک ئێستا بە پەراوێز خراوی نەدەمایەوە.

ئەگەرچی لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمدا بڵاوکراوەتەوە کەوا ڕۆژی ١٨ ئایاری ٢٠٠٩ وەزیری وەرزش و لاوان لە دیوانی وەزارەتەکەیدا پێشوازی لە ستافی کاری فیلمی شەهید لەیلا قاسم کردووە. کە تیایدا وێنەی دەرهێنەر ئەمیر تەها و وێنەگر ســامی کاکە دەردەکەون، کە فیلمێکی دۆکیۆمێنتییان لەســەر ژیان و خەباتی شــەهید (لەیلا قاسـم) ئەنجام داوە. بەڵام هەتا ئێســتا خەڵکی کوردســتان نەک بەفیلمەکەی بەڵکو بەناوی دایکی لەیلاش ئاشنا نین !

مامۆســتا ئاوات نامیق دەڵێت: ناســرحەســەنی ڕێنوێنی ســینەمایی زۆر هەوڵیداوە کەوا بەڵگەو زانیاری پێویســـت لەمەڕ لەیلا قاســـم، بەدەســـتبهێنێ بۆئەوەی فیلمێکی لەبارەوە دروســـت بکات، بەڵام دیارە ســـەرکەوتوو نەبووەو زانیـارییەکی ئەوتۆی وەچنـگ نەکەوتووە، بۆیە هەوڵەکەی ئەویش بێ بەرهەم ماوەتەوە.) وانەیەکی مامۆســـتا **ئاوات نامیق ٩ی ئایار- زانکۆی ســـلێمانی کۆلیژی هونەر- کاتژمێر ٧ی ئێوارە ٢٠١٧** . ئەوەی ئێســـتا بەنوســـراو لەبەردەســـتی خوێندەواری کوردایە، هەرئەو نوســـینانەیە کە بەداخەوە زانیـاری زۆر کەمیـان لەبـارەی خـانەوادەو خودی لەیلا تێدایە، زانیـارییە بەردەســـتەکـانیش جیاوازیەکی ئەوتۆیان تێدانییەو هەموویان کۆپی یەکترین، یاخود لەیەک دەچن بەم نوسینەی منیشـەوە کە هەوڵێکی زۆرمدا زانیاری زیاتری لەبارەوە بخەمە بەردەست.

ئەوەی لەبارەی لەســـێدارەدانەکەیەوە بەدەســـتم کەوتووە، تەنها بەڵگەی مردنەکەی لەیلای قارەمانە، کە وەزارەتی تەندروستی عێراق و بەرێوەبەرایەتی ئامار ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی باری شارستانی خانەقی کردووە، بەداخەوە زۆربەی نوسینەکانی سەر نوسراوەکە باش ناخوێندرێنەوە، بەڵام ناوی سیانی لەیلاو رەگەزی و ناوی دایک وباوکی و ریکەوتی دەرچوونی بەڵگەکە کە لە١٩٨٨/١/١١ بەواژۆی پزیشـــکێکی تکریتی بەناوی (حسن عبدلملک الشاوی) دەرچووەو تیایدا نوسراوە تۆماری وەفات ( قسم الاحکام الطویلة) و هۆی مردن (الاعدام شنقا حتی الموت) لەسێدارەدان هەتا مردن. لە خەستەخانەی چاککردنی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ڕۆژی لەســێدارەدانی لە ڕێکەوتی ١٩٧٤/٥/١٢. بەڵام ڕێکەوتێکی ســەیر لەو بەڵگەیەدا هەیە ئەویش ناوی باوک وباپیری لەیلاو ناوی خۆی وباوکی ئەو کارمەندەی بەڵگەکەی نوســـیوە هەمان ناون (قاســـم حسن).

## لەیلای تاقانە شەهیدو تاقانە شۆرشگێر

بەگشتی سەرچاوەکان کەلەبارەی ئەم ژنە تێکۆشەرەوە نوسیویانە، لەیلا قاسم لە ناو قوتابیە کوردەکانی زانکۆی بەغداد ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستنیاندا. بەڵام هیچکامیان کەسێکیان نەدواندووە کە ئەو ســەروەختە لەســەردەســتی لەیلاقاســم ڕێکخرابێ وپەیوەندی حزبی ورێکخراوەیی بۆ دروســتکرابێ، هەڵبەت لەو ســەردەمەدا ئەســتەم بووە، بەڵام خۆ لەدوای راپەڕین ئەوە کارێکی ئەســتەم نەبوو! چونکە هاتنە پێشەوەی ژن و بەشداری راستەوخۆیان لەناوریزەکانی جوڵانەوەی سیاسی کورددا بەنرخ وبەهادارە، چونکە نابێت بەهەمان چاوی ئێســتا تەماشــای خەباتی ژنێک بکەین کە ئەو ســەروەختە وەک ئێستا ژن لەمەیداندا نەبووەو بگرە تاقانەو دەگمەن بووە، بێگومان نەک هەرمەلاکان بەڵکو زۆرێک لە تێکۆشــەرەکان و ئازادیخوازەکانیش ئەو هیمەت وبەرخۆدانەیان لە ژن چاوەروان نەکردووە،بەڵکو قســەی باو ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەوە بووە کە دەوترا ژن زەعیفەیە ژنان ناتوانن لە روی جەستەییەوە هاوشانی پیاوان بن، ژن وســـیاســـەتیان نەگوتووە، ئەمانەو زۆر قســـەی تری نابەجێ لە ئارادا بوون، بەگشـــتی

بیروباوەری باوی کۆمەڵایەتی ئاوا بووە کە ژنان ناتوانن بەشداری ڕاستەوخۆی شۆرش بکەن، بەڵام لەیلا ئەم لۆژیکەی هەڵگێڕایەوەو بەعسیەکانیشی تۆقاند، هەربۆیە کە بەعسیەکان کە دەستگیریان کردن زۆریان لەگەڵ نەگوتن بەڵکو دەســـتوبردی لەکۆڵ خۆکردنەوەشـــیان بۆکردوون، وەک دەبینرێت لە کۆتایی مانگی نیساندا گیراون ولە ناوەراستی مانگی ئایاردا بریاری لەسێدارەدانیان جێبەجێکردوون !

### هاوڕێیانی ژنە تێکۆشەرەکە

لەیلاقاسم لە مەیدان تاقانە نەبوو، بەڵکو تاقانە ژنی مەیدان وتاقانە ژنی شەهیدی ئەو سەروەختەو یەکەمین ژن بوو کە لەعێراقدا بە هۆی چالاکی سیاسیەوە لە سێدارە درا، دەنا ئەو نەلەخەباتیدا بەتەنیابوو نە لە سـێدارەدانیشـیدا، بەڵکو لەگەڵ هاورێکانیدا کە هاوخەبات بوون و ئازایانە ڕوبەڕوی مەرگ بوونەوە، یەکێک لە هاورێ و هاوخەباتەکانی خۆشەویست و دەستگیرانەکەی بوو ( جەواد هەمەوەندی) لەبەرئەوەی لەســـەرەوە ئاماژەم بەناوی شـــەهیدەکانی ترکردووە لێرە ناچمەوە ســـەرئەو باســـە، بەڵام شـــەهید جەواد تایبەتمەندیەکی هەیە، ئەو لەگەڵ لەیلا قاســـمدا هەر دەســـتگیرانداریکی ئاســـایی نەبوون، بەڵکو هاورێ و هاوخەباتیش بوون، جوانترین خاڵی ئەم پەیوەندییەی نێوان لەیلا قاســـم و جواد هەمەوەندی ئەوەیە کە لەیلا خوێندکاری زانکۆو جواد کرێکاری کارگەکانی بەغدا بووە، ئەو ســـــەروەختەی ئاگربەســـــتیش بوو کرێکاری چاپخانەی ڕۆژنامەی برایەتی بووە لەبەغدا، ئەمە بۆ ئەو ســـەردەمە دیســـانەوە مایەی ســـەرنج و لەســـەر وەســـتانە بێگومان ئیرادەو فکرو ئینســـانیەت لەم پەیوەندییە ســـۆزداریەدا دەخوێنینەوە . شـــاران بەرزنجی لە ڕۆژنامەی چاودێرد لەبارەی ئەم خاڵەوە نوسیویێتی (خۆشەویستییەکی بێ سنور لە نێوانیاندا هەبوو، هەر لەرێگەی جەوادیشـــەوە ماوەیەک چووەتە ناو ریزی پێشـــمەرگەی کوردســـتانەوە.)4 بروانە ماڵپەری چاودێر ٢٠١٦/٥/١٤ .

بەشداری لەخەباتی سیاسی ژنێک لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٧٠ کاندا خاڵێکی گرنگەو جەوهەرییە کەدەبێت لەســەری بووەســتین. بەشـداری لەیلا تەنها وەک ژنێک گرنگ نیە بەڵکو وەکو کوردێکیش گرنگە چونکە بەعسـیەکان سـەرباری ئەوەی نکۆڵییان لە هەبوونی گەلی کورد، دەکرد نکۆڵییان لە ئازایەتی ژنیش دەکرد، کەچی لەیلا قاسم سوور بوو لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی وەک ژن و کورد وەک گەلێکی جیاواز لە عەرەب. ئەو یەکەم ژنە شـــەهیدە کە لەخەباتی رزگاری خوازی کورددا لە باشورو تەنانەت لە عێراقیشدا شەهید بووبێت.

لێکۆڵینەوەی زانستی

زۆربەی ئەو قەڵەمانەی لەبارەی ئەم ژنە شەهیدەوە نوسیویانە، جەخت دەکەنەوە، کە (لەیلا قاسم و جەواد هەمەوەندی) لە ســەرەتای ســاڵی ١٩٧٤ بەیەکەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانســتییان لەســەر کۆمەڵگەی کورد ئەنجامداووەو لە دەرفەتێک دەگەڕان کە بڵاوی بکەنەوە. بەڵام بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆکانی نێوان ســـەرکردایەتی کورد و ڕژێمی عێراق و دەســـتپێکردنەوەی شـــەڕو دواتریش کە گیران دەســـتنووســـی لێکۆڵینەوەکەشـــیان لەلایەن ســـیخوڕەکانی حکومەتی عیراقەوەلەناوبردراوە) ئەمەش هێشـــتا قســـەیەکەو دەکرێت بەڵام ئایا بەڵگە چییە؟ کێ باســـی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کردووە ؟ ئەوە نادیارە بەڵام پێدەچێت ئەو لێکۆڵینەوەیەی باس دەکرێت خۆ ئامادەکردنی لەیلا بووبێت بۆ باســـی دەرچوونەکەی ( بحث التخرج)ەکەی

[4] http://www.chawdernews.com/detailnews.aspx?jimare=3536&cor=1&related=2036

بوو‌بێت . چونکە لەیلا خوێنکاری قۆناغی چوارەمی بەشـــــی کۆمەڵناســـــی کۆلێژی ئاداب بووە لە زانکۆی بەغدا .

## کوا بسکی لەیلا ؟




بێگومان لەم بەشـــەی چیرۆکی لەســـێدارەدانی لەیلاقاســـمدا گرنگی (دۆکۆمێنت) لەهەمووکاتێک زیاتر دەکەوێتە ڕوو، چەند مەزن دەبووین ئێســـتا بســـکی براوی لەیلاو ئەو مەقەســـتە لەمۆزەخانەیەکی نیشـــتمانیدا بایە، ئەوەی نوسراوە لەبارەیەوە جارێک لە وادەی بینینیدا کاتێک بنەماڵەکەی دەچنە بەندیخانە بۆ ســـەردانی (مواجهە)ی لەیلا، ئەو بە ئیرادەو ڕویەکی خۆشـــەوە پێیگوتوون، ئەمجارە کە هاتنەوە بۆلام دوو شـــتم پێویســـتە کە بۆم بهێنن: جلە کوردییە نوێیەکەم لەگەڵ مقەستێک.

بەڵام کەپرسیاری لێ دەکەن تۆ ئەمانەت بۆچییە؟

بەپێکەنینەوە، پێیاندەڵێت: کە هێناتان پێتان دەڵێم.

دواجار کە سەردانی دەکەنەوەو مقەستەکەی دەدەنە دەست، کەمێک لە قژی دەبڕێتو دەیدات بە دەست دایکییەوەو پێی دەڵێت: (ئەوە یادگاری من بێت بۆتۆ لەلای خۆت هەڵی بگرە)، جلە کوردییەکەش بۆ ئەوەیە دوای چەند ڕۆژێکی تردەگەمە کاروانی شـــەهیدانو دەمەوێ بەو جلە کوردییانەوە، بمرم ببمە بووکی کوردســتان. بەڵام ئەفســوس ئەمە ئێســتا تەنها چیرۆکێکەو بەس دەنا دەبوو ئێســتا بســکی لەیلاو ئەومقەستە بەنرخترین سەروەتی نەتەوەیی بوونایە !

ئەفسوس .. دوای ئەم دیدەنیە لەیلاقاسم لە کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٢ی ئایاری ساڵی ١٩٧٤ خۆی وهاوڕێکانی لەسێدارە دران، بەڵام ئەوان بەمەرگی خۆیان بەعسیزمیشیان هەڵدایە زبڵخانەی مێژووەوە، نەک هەرلەکوردستان وعێراق بەڵکو لەمیدیای جیهانیشدا باسی بەرەنگاری و مەرگی ئەم ژنە ئازایە بڵاوکرایەوە. ئەگەرچی حزبەکەیان وەفاداریان نەبوو ! بەلای کەمەوە لە ئازادیدا هەزاران خائین و بەعســـییان کردە بەرپرس و نوێنەری خۆیان، بەڵام بەدڵنیایی بەزیندوویی لەدڵی هەموو ئازادیخوازاندا دەمێننەوە، هەربۆیە لەدوای لەیلاوە گەلێک کچی کورد ناونراون لەیلا.

**لەبارەی ئەم ئازایەتی وگیانبازییەی لەیلاقاسمەوە هێمنی شاعیر دەنوسێت :**

کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من — لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
برۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە — کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من
بزەی هاتێ، وتی جەلادی خوێڕی! — بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نیە میدالی ئیفتخارە — کە بوومە قارەمانی میلەتی خۆم

**جگەلە هێمنی شـــاعیرلەلای (جگەرخوێن) و شـــێرکۆبێکەســـیش جێگەی گرنگی پێدان بووە، بەڵام وام پێباش بوو ئەم وتارە بەشیعرەکانیان درێژتر نەکەمەوە.**

دیارە هەر ئەوســـا لەســـەر ئاســـتی دنیاشـــدا دەنگدانەوەی هەبووەو لەمیدیاکانی جیهانیدا بڵاوکراوەتەوە هەروەک ماڵپەڕی ڕوداو لەو بارەیەوە نوســـیوێتی ( هەواڵی لەســـێدارەدانی لەیلا قاســـم، لە میدیا جیهانییەکانی ئەوکات بڵاوکرایەوەو لەسێدارەدانی لەیلا قاسم، وەکو لەسێدارەدانی یەکەم ژن لە مێژووی

ســـیاســـی عێراق لە میدیاکانی جیهان بڵاوکرایەوە). ئەگەرچی تایتڵی هەواڵەکە نوســـراوە کە خوشـــکە گەورەکەی لەبارەی لەیلا قاسم قسە دەکات، بەڵام بەداخەوە ڤیدیوکە چالاک نەبوو. هەتا سود لەقسەکانی خوشکی لەیلا وەربگرم – (**ماڵپەڕی روداو– ٢٠١٥/٥/١٣ کاتژمێر ٧:٤٠ی ئێوارە .)**

### پرسی هێنانەوەی تەرمەکەی :

لە بەرنامەیەکدا کەناڵی ئێن ئارتی لە باســی هێنانەوەی تەرمی لەیلا قاسـمدا وەک جۆرە کەم تەرخەمییەک باســی کرد، یان پرســیارێکی خســتە ســەر مانەوەی تەرمی ئەم قارەمانە لە خواروی عێراق ! بەڵام ئەوە وەڵامێکی ئاڵۆزی نیەو هیچ گومانی تێدانیە کە، بردنی تەرمەکەی بۆ شـــاری نەجەف لە خواروی عێراق، لەسەر خواستی کەسوکارەکەی بووە کە شیعە مەزهەب بوون، لەوێ ( مقبرة نجف الاشرف) گۆرستانێکی تایبەت بە خەڵکی خانەقی و مەندەلی هەیە، لەیلا قاسم لەو گۆرستانە نێژراوەو تەنانەت ئێستاش خزمەکانی رێگە بەهێنانەوەی نادەن هەرلەبەر پابەند بوونی ئاینیان، دەنا تەرمی هاوڕێکانی کە لەگەڵیدا لەســـێدارە دران درانەوە بەکەسوکاریان و بە ئاپۆرای جەماوەریش بەخاک سپێردراون .

## پاشکۆی بەڵگەو وێنەکان

**دوتێبینی لەمەر بەڵگەو وێنەکان .**

- **نوسراوی وەزارەتی تەندروستی هەتا ئێستا، تاکە بەڵگەیە کە بەردەستم کەوتووەو پێشتریش بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی نەمزانی کێ یەکەمجـاربڵاوی کردووەتەوە بۆیە نەمزانی خاوەندارێتی بۆکێ بگێڕمەوە.**
- **ئەم وێنانەی لێرەدا دەیانبینی لەزۆر ماڵپەرو و لە بەشـــی وێنەکانی گۆگڵیشـــدا زۆرن و خاوەندارێتیان نادیارە، بۆیە لێرەدا بۆ وێنەکانیش نەمزانی کێ بکەم بەخاوەنیان .**

**بەڵگەی فەرمی لەبارەی بەبێگانە زانینی خێڵەکوردەکانی دەوروبەری شارەکانی جەلەولاو خانەقی :**

**ژمارەی بڕیار (180)**

**بە پشت بەستن بە حوکمەکانی بڕگەی (6) لە ماددەی چل و دوو لە دەستووری کاتی عێراق .**

**ئەنجومەنی شۆڕش لە دانیشتنی ڕۆژی 1980/2/3 ئەم بڕیارانەی دا–:**

**–1ئەبێت وەزیری ناوخۆ بەم مەرجانە ڕەگەزنامە بە کەسانی بیانی پێگەیشتوو(بالغ) بدات:–( تێبینی وشەی کەسانی بیانی بکە، کەچۆن نکۆڵی لەبوونی نەتەوەیی کورد دەکات)**

**أ–  ئەبێت لە پێش شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 نیشتەجێی عێراق بووبێت، تا جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە ناو عێراق نیشتەجێ بوو .**

**ب–  یەکێک لە خزمە پلە یەک و دووەکانی ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەستهێنابێت .**

**ج–  نابێت مانەوەی لە عێراق زیانی بۆ ئاسایش و سەلامەتی کۆماری عێراق هەبێت .**

**د– لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەوە داوای ڕەگەزنامەی عێراقی بکات .**

**–2وەزیری ناوخۆ پێویســـتە ڕەگەزنامەی عێراقی بەم مەرجانە بداتە خێڵەکانی (ســـورەمێری، کەرکوش، زەڕگۆش، مەلیک شاهی، قەرەلوس، فەیلی و ئەرکوازی)–:**

أ– نابێت ماوەی پانزە ســـاڵی لە ســـەریەک کەمتر لە عێراق نیشـــتەجێبووبێت، ئەویش پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە .

ب– نابێت مانەوەی لە عێراق زیان بە ئاسایش و سەلامەتی کۆمار بگەیەنێت .

ج– ئەبێت لە دوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە داوای ڕەگەزنامە پێشکەش بکات .

–3وەزیری ناوخۆ ئەبێت پێدانی ڕەگەزنامە بە بیانی بۆ ئەو کەسانەی تەمەنی یاساییان هەیە، لەو کەسانەی سەر بە خێڵی گۆیانن، بە پێی هەموو ئەو مەرجانەی لە بڕگەی دووی ئەم بڕیارەدا هاتووە .

–4لە ســـەر وەزیری ناوخۆیە، کە پێدانی ڕەگەزنامەی عێراق لەو کەســـانەی ژنی عێراقییان هێناوە، بەم مەرجانە بێت–:

أ– نابێت مانەوەی لە عێراق زیان بەئاسایش و سەلامەتی کۆمار بگەیەنێت .

ب– ئەبێت لەدوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە داوای ڕەگەزنامە پێشکەش بکات .

ج– ئەبێت پەیوەندی هاوسەرگیری تاکو پێشکەش کردنی داوای ڕەگەزنامە بەردەوام بێت

د– ئەبێت لەپێش ساڵی 1958 لە عێراق نیشتەجێ بووبێت و بەدەوام لە عێراق ژیا بێت

–5

أ– ئەبێت وەزیری ناوخۆ ڕەگەزنامە بداتە ژنی بیانی بەو مەرجەی سێ ساڵ بەسەر مانەوەی لە عێراق تێپەڕ بووبێت و هاوســـەرگیری کردبێت و لە عێراقیش نیشـــتەجێ بووبێت، تا پێشـــکەشـــکردنی داوای ڕەگەزنامە هاوســـەرێتییەکەیان بەردەوام بێت .

ب–ڕێگەنادرێت ژنی بیانی، کە ماوەی پێنج ســـاڵ زیاتر لە عێراق مابێتەوە، ئەبێت لەماوەی شـــەش مانگدا لەرۆژی جێبەجێکردنی ئەم بڕیـارەوە، دوای ئەوە بکـات ڕەگەزنـامەی عێراقی لە ســـەر مێردەکەی پێبـدرێـت، یـان عێراق بەجێبهێڵێت .

ج– لە ســـەر ژنی بیانی پێویســـتە یان ئەوەتا ڕەگەزنامەی عێراق قبوڵ بکات یان عێراق بەجێ بهێڵێت، ئەویش وەک ئەوەی لەبەندی (أ) لەم بڕگەیەدا هاتووە و ناچار بێت عێراق جێبهێڵێت، ئەویش ئەگەر پێنج ساڵ بەسەر مانەوەی لە عێراق تێپەڕی و داوای ڕەگەزنامەی عێراقی نەکرد .

–6هەموو بیانیەک، کە ڕەگەزنامەی عێراقی وەردەگرێت، بەپێی حوکمەکانی ئەم بڕیارە، ئەبێت ســـوێندی یاســـایی بخوات، کە دڵســـۆزی کۆماری عێراق بێت، لەبەردەم بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی تایبەت، ئەویش پاش تێپەڕبوونی یەک مانگ لەرۆژی داواکردنییەوە، لەرۆژی سوێند خواردنەوە ئەو کەسە دەبێتە عێراقی.

–7هەموو بیانییەک کە لەدەســـاڵی بەردەوام کەمتر نەبێت لە عێراق نیشـــتەجێ بووبێت، لەپێش دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، یەکێک لەماکەکان یان لقەکانی خێزانی ڕەگەزنامەی عێراق وەرگرتبێت، ئەبێت خواســـتی خۆی بۆ عێراقی بوون رابگەیێنێت یان عێراق بەجێ بهێڵێت .

–8ئەم بڕیارە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە لە عێراق نیشـــتەجێن، ئەویش پاش جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، لەگەڵ ئـاگـابوون لەبەنـدی (ج) لەبڕگەی 5، حوکمەکـانی بەســـەر ژنی بیـانیـدا جێبەجێ دەکرێـت، ئەویش لەکـاتی جێبەجێکردنییەوە، وە هەموو ئەو حاڵەتانەی دوای ئەم بەروارە دواکارییان هەیە .

–9پێویستە لە سەر وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی دەربکات، بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە .

–10ئەم بڕیارە لەرۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە و ماوەی شەش مانگ کاری پێدەکرێت، تەنها ئەو حوکمە نەبێت، کە لەبەندی (ج) لەبڕگەی 5دا هاتووە

سەدام حسێن

سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشی عێراق



الجمهورية العراقية
وزارة الصحة
مديرية الإحصاء

صورة قيد وفاة

رقم الشهادة الاصلية ٢٩١٨٤
تاريخ تنظيمها ١٢ / ٥ / ١٩٧٤

الى / دائرة الاحوال المدنية / خانقين

الجنس انثى — العمر ٢٢ — الديانة مسلمة

اسم المتوفى ليلى
اسم الاب قاسم حسن
اسم الام عصمت محمد
تاريخ الوفاة ١٢ / ٥ / ١٩٧٤
محل وقوع الوفاة قسم الاحكام الطويلة
سبب الوفاة الاعدام

١١ / ١ / ١٩٨٨






لەیلا قاسم







## سەرچاوەکان


1. ویکیپیدیا رۆژی ٢٠١٧/٥/١٠ – https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%84%DB%95%DB%8C%D9%84%D8%A7_%D9%82%D8%A7%D8%B3%D9%85
2. شاران بەرزنجی. ماڵپەڕی چاودێر.٢٠١٦/٥/١٤ http://www.chawdernews.com/detailnews.aspx?jimare=3536&cor=1&related=2036
3. وانەیەکی مامۆستا ئاوات نامیق ئاغا ڕۆژی ٩ی ئایاری ٢٠١٧ .
4. کەناڵی (N.R.T ) –٢٠١٦/٥/١٢. یاخود لەم لینکەی ماڵپەری تەلەفزیونەکەدا بیبینە.
5. فوئاد زیندانی – شەهید لایلا قاسم وهەڤاڵانی (٤٠) ساڵ لەمەوبەر لە سێدارە دران – ماڵپەری ئۆرتە رێکخراوی نەهێشتنی ئەشکەنجەو لەسێدارەدان . http://www.fppk.net/ku/index.php?option=com_content&view=article&id=1152:-40-&catid=64:2007-01-14-11-27-23&Itemid=267
6. کارزان عوسمان کەلاری– چیرۆکی ژیانی لەیلا قاسم و چۆنێتی لە سێدارەدانی لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا .– ماڵپەری بزوتنەوەی کۆماری خوازی رۆژهەلاتی کوردستان .
7. سمکۆ سابیر– جینۆسایدی زرگۆشەکان – لاپەرەیەکی تر لە سرینەوەی شوناس– لێکۆڵینەوە– ٢٠١٥ چاپخانەی پیرەمێرد ل ٦– ١٠ .
8. ماڵپەڕی روداو– ٢٠١٥/٥/١٣ کاتژمێر ٧:٤٠ی ئێوارە.